


# شارستانیەت و مرۆڤی وەهمی



قەرەنی جەمیل وەك شێوەکارێکی بە ئەزموون و خاوەن کەسایەتیی هونەری، هونەری نیگار لە لای ئەو وەك پرۆژەی هزر و هونەر وایە. تابلۆ لە لای ئەو پەیامێکی دیدەییە «بەر لەوەی دەست بۆ رەنگ و کەرەستەی کار کردن ببەم، شێوە و روخساری تابلۆ لە زەینمدا نەخشی خۆی دەنوێنێ، کاتێك دێمە سەر دروست کردن و گەڵاڵە کردنی، دەبینی بەو شێوە و نەخشەی کە لە پەردەی بیر و خەیاڵی مندا گەڵاڵە بووە، هەندێ جار بۆم نایەتە سەر رووبەری تابلۆ.»
جا کاتێ تابلۆ دەکەوێتە سەختەنی گەڵاڵە نەبوونی دروستەوە، وەك هونەرمەند روونی دەکاتەوە، پرۆسەی کار کردن بە لاڕێیەکی دیکەدا دەچێت «کاتێك دەبینم تابلۆ بەو چەشنەی مەبەستمە دروست نابێت، ئەو تابلۆیە رێڕەوێکی دی دەگرێتە بەر، لە فۆرم و ناوەرۆکێکی دیکەدا گەڵاڵە دەبێت، بەڵام من دەستبەرداری نموونەکەی نێو پەردەی خەیاڵم نابم، بەڵکوو بەر لە تەواو بوونی تابلۆی یەکەم، تابلۆیەك یان دوو تابلۆی دی دەست پێ دەکەم، بۆ جاری دووەم و هەندێ جار بۆ جاری سێیەمیش، ئەزموونی دروست کردنی تابلۆیەکەی نێو پەردەی خەیاڵم دەست پێ دەکەمەوە، بەڵام جاری واش هەیە ئەو تابلۆیە هەر گەڵاڵە نابێت، بەڵکوو رێڕەوی کارەکەم بە ئاراستەی گەڵاڵە بوونی تابلۆیەکی دی دەچێت.»
ئەم هونەرمەندە ٤ ساڵ لە ئیتالیا (١٩٧٩- ١٩٨٣) و ١٩ ساڵیش لە سپانیا (١٩٨٣- ٢٠٠٢) ژیاوە، لە کوردستان و نۆ وڵاتی ئەوروپاش پیشانگای کردووەتەوە، لە رەنگسازی و داڕشتنی پێکهاتەی تابلۆ و چنینی تانوپۆکەیداخاوەن ئەزموونێکی قووڵە. ئێمە لە تابلۆکانیدا ئەوەمان بەدی کرد و قەرنی جەمیل بۆ خۆشی دووپاتی کردەوە «من بایەخ بە روانگە، واتە رەهەندی سێیەم (قووڵایی) و رەهەندی چوارەم و پێنجەمیش دەدەم.»
ئەو لە یەك کاتدا وەك مرۆڤێکی هەست ناسك و وەك بیرمەندێك بیر لە جیهان دەکاتەوە، لەو بەسەرهات و رووداوانەی بە سەر ژیاندا گوزەر دەکەن، قووڵ رادەمێنێت و بە ئەندێشەدا دەچێت، پرسیاری قووڵ لە ناخیدا چەکەرە دەکەن و بە تابلۆ و لە رێی تابلۆوە بە دوای وڵامەکانیاندا دەگەرێت، یان هیچ نا پرسیار و

ئا/ تاریق کارێزی



**قەرەنی جەمیل (١٩٥٤– هەولێر) ئەستێرەیەکی بواری شێوەکارییە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان. ئەو کەسێکی ئارامە، لەگەل قوتابیانی خۆی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، هێمن و لێبوردەیە. ئەو بۆ خۆشی کەسێکی زۆر هێدی و رۆحێکی ناسکی سۆفی ئاسای هەیە، بەڵام لە ناخدا وەک گڕکان دەکوڵێت. رووداوی گەرم و گوڕی وڵات و دەوروبەر و جیهان، دەروونی دەهێننە جۆش. قەرەنی ئەو بە جۆش هاتنەی دەروون، بە هونەر دەخاتە روو.**

بڕیاری خۆی لە رێی هونەری نیگارەوە دەخاتە روو. (ئینسانی وەهمی و وەهمی شارستانیەت)، ئەمە ناونیشانی دوایین پیشانگای (قەرەنی جەمیل) بوو، کە رۆژانی (١ تا ٢٠١٧/٣/١٠) لە هۆڵی میدیا لە ناوەڕاستی شاری هەولێردا کردییەوە. لەو پیشانگایەداپێم وایە هونەرمەند ١٨ تابلۆی نمایش کرد بوو، دووانیان بە قەبارەی (١م بە ١م) و یەکیان بە قەبارەی (٢م بە ٣م) و ئەوانی دیکەش بە قەبارەی (١٥٠سم بە ١٦٠سم) بوون. پیشانگاکە دەسەڵاتی رەنگ و ئەندێشەی بە سەر هۆڵەکەدا سەپاند بوو، مرۆڤ بە دەست خۆی نەبوو، لەگەڵ بینینی تابلۆکاندا بە ئەندێشەی قووڵدا دەچوو. لە بارەی قەبارەی تابلۆکانییەوە قەرەنی دەڵێ «لە تابلۆی قەبارە گەورەدا دەتوانم ئەوەی مەبەستمە بیڵێم و بیخەمە روو، ئەگەر جێی فراوانتر لە هی ئێستام هەبێت، تابلۆی هێشتا گەورەتر دەکێشم.» وەك من سەرنجم دا، هونەرمەند رەنگسازییەکی زۆری کردووە، رەنگی باڵادەست لە تێکڕای تابلۆکاندا بریتی بوو لە گوررزەیەك رەنگی مات و سەنگین و نائاسایی و ناسادە، ئەگەرچی تۆ هەست دەکەیت شەبەنگێکی فراوانی رەنگ لە تابلۆکانیدا هەن، بەڵام ئەو رەنگانەی کە زاڵن دەکرێ بڵێین بریتین لە (گڵی، خۆڵەمێشی، قاوەیی، کرێمی)، بە رادەیەکی کەمتریش رەنگی وەك (رەش، پرتەقاڵییەکی کاڵ، سپی) و رەنگی دیکەش. بە گشتی رەنگی تابلۆ لە لای ئەو مات و خامۆشە. قەرەنی بەم جۆرە پاساو بۆ دنیای رەنگی تابلۆکانی دەهێنێتەوە

«من کوڕی گەڕەکێکی هەژارنشینی هەولێرم، رەنگی کاڵ و خاك و قوڕ و لیتە لە زەین و خەیاڵی منداڵیمدا چەسپیون.»

رەنگەکانی گەڕەکێکی هەژارنشینی دەیان ساڵ بەر لە ئێستای هەولێر، رەنگە لەم کاتەدا بەر دیدە نەکەون، بەڵام ئەو رەنگانە بوونەتە بنەمای پرۆسەیەکی فراوانی رەنگسازی لە لای قەرەنی جەمیل، بوونەتە چاوگی رەنگاندنی گوتارێکی دامەزراوی دیدەیی، گوتارەکەش بە ئەندێشەیەکی فەلسەفیانەوە لە پرسەیلی هەستیاری ئەم سەردەمە دەکۆڵێتەوە. رووداوە گەرم و تراژیدییەکان (بۆ نموونە شنگال) لە ناخەوە هونەرمەندیان هەژاندووە. ئەو هەژانە لە شێوازی گەڵاڵە بوونی تابلۆکاندا بەدی دەکرێت. هەر تابلۆیەك هەست دەکەیت تەقینەوەیەکە بۆ خۆی، تابلۆ پێمان دەڵێت،لە ژیانی ئەم رۆژگارەدا هەموو شتێك پەرش و بڵاوە. بینەر وا هەست دەکات رووبەری تابلۆ تەختاییەکی پاش تەقینەوەیە. رەنگە ئەوە وێنەی تا رادەیەك راستەقینەی گەلێك شوێنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، کە کوردستان کەوتووەتە ناوجەرگەی ئەم ناوچە پڕ لە شەڕ و ئاشووب و گێژاوەوە. لە ئاستانەی ئەم گێژاوی ژیانەدا هونەرمەند بە رواڵەت بە کپی و لە هونەردا بە توندی، دەنگی نارەزایی و یاخی بوونی خۆی هەڵدەبڕێت. ئەو داوای ژیانێکی ئارام و گوزەرانێکی پڕ لە خۆشی و پڕ لە داهێنان و وەگەڕ خستنی عەقڵ ژییری بۆ کورد و هەموو مرۆڤێکی سەر رووی زەوی دەکات.

**رەنگەکانی گەڕەکێکی هەژارنشینی دەیان ساڵ بەر لە ئێستای هەولێر، رەنگە لەم کاتەدا بەر دیدە نەکەون، بەڵام ئەو رەنگانە بوونەتە بنەمای پرۆسەیەکی فراوانی رەنگسازی لە لای قەرەنی جەمیل**

**هەست دەکەیت شەبەنگێکی فراوانی رەنگ لە تابلۆکانیدا هەن، بەڵام ئەو رەنگانەی کە زاڵن دەکرێ بڵێین بریتین لە (گڵی، خۆڵەمێشی، قاوەیی، کرێمی)، بە رادەیەکی کەمتریش رەنگی وەک (رەش، پرتەقاڵییەکی کاڵ، سپی) و رەنگی دیکەش**



# بیباشۆ باجێکی گەورەی یەک قسەی دا

زۆر لە کەسایەتییە ناسراوەکانی جیهان سەردانی لەندەن دەکەن بۆ ئامادە بوون لە نمایشە جیهانییەکانی جلوبەرگ کە بەردەوام لەو شارە ئەنجام دەدرێت، بەم دواییەش هەردوو دیزاینەری ناسراوی جیهانی لوبنا و ئۆزما خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆلیۆد پیباشۆ باسۆ و هاوسەرەکەیان بانگهێشت کردبوو بۆ ئامادە بوون لە یەکێك لە نمایشاکانیان.

باسۆ لە کاتی ئامادەبوونی لەو نمایشە تووشی گرفتێکی ناخۆش بۆوە و لە سۆشیال میدیا زۆر باس کرا، دوای ئەوەی خانەی نمایشەکە باسۆی بە رەوشتی نا پیشەیی تۆمەتبار بکرد، چونکە نمایشەکەی رەتکردەوە، بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی مۆمبای میرۆر وا بڕیار بوو هاوسەری باسۆ لە هۆڵی جیسۆن لەگەڵی دەرکەوێت لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکە دوای کۆتایی هاتنی نمایشەکە، بەڵام باسۆ دواتر رازی نەبوو ژوورەکەی چۆڵ بکات ئەمەش زیانێکی زۆری بە خانەکە گەیاندە کە بە (٧٨٠٠) جونەیهی ئیسترلینی مەزەندە دەکرێت، هەروەها داوای لە خانەکەش کرد کە خەرجی پێنج شەوی خۆی و هاوسەرەکەی لە ئەستۆ بگرن، بەڵام رەتیان کردەوە لە بەرامبەردا باسۆش رازی نەبوو هۆتێلەکە چۆڵ بکات بۆیە مشتومڕ درووست بوو و قسەی ناشیرینی بە بەڕێوەبەری نمایشەکە گوت.



## نیکۆل:
# پێویستە مرۆڤ قەدری خۆی بزانێت

یەکێك لەو هونەرمەندە لوبنانیانەی کە بەردەوام رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە و بە وروژاندن و خۆ رووت کردنەوە تۆمەتبار دەکرێت نیکۆل سابایە، کە جگە لە گۆرانی گوتن لە چەندین فیلمی سینەمایی و زنجیرە دراماشدا بەشداریی کردووە و دیارترینیان فیلمی (التجربة الدانماركية) بوو لەگەڵ ئەستێرەی کۆمیدیا عادل ئیمام.

نیکۆل لە زۆر بۆنە و دیمانە رۆژنامەوانییەکاندا باسی ئەو بابەتەی کردووە و ئەو کەسانەی کە پروپاگەندە دەکەن بە نەزان و دواکەوتووی وەسف کردوون، هەر سەبارەت بە بابەتەکەوە بەم دواییە لە تویتەر نووسیبووی: پێویستە سەرەتا خۆت قەدر و بەهای خۆت بزانی، بۆ ئەوەی رێگا بدەی خەڵکانی تر قەدر و بەهای تۆ بزانن، پێویستە سەرەتا بڕوات بە خۆت و تواناکانت هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکیش بڕوایان بە تواناکانی تۆ هەبێت.

ئەم تویتەی نیکۆل کە خۆی لە خۆیدا وەڵامێك بوو بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام رەخنەی لێدەگرن، لە هەمان کاتدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و لە زۆر لاوە ستایشی کرا، هەندێکیان بە شازادە ناویان برد لە جوانی و قسە کردندا.

# کازم ئەلساهر ئاهەنگەکانی کەم دەکاتەوە



هونەرمەندی ناسراوی عێراقی کازم ئەلساهر لە ساڵی ٢٠١٦ ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار لەو ئاهەنگانەی کە سازی کردبوو و بەشداری لە دەیان فیستیڤاڵی جۆراوجۆر کردبوو لە چەندین وڵاتانی عەرەبی، بەڵام بۆ ئەم ساڵ بڕیاریداوە کار و چالاکییە هونەرییەکانی کەم بکاتەوە بەتایبەتی کۆنسێرتەکانی.

تەنیا لە یەك مانگی ساڵی رابردوودا قەیسەری گۆرانی عەرەبی حەوت کۆنسێرتی جیهانی ساز کردبوو، کازم بڕیاری کەم کردنەوەی ژمارەی ئاهەنگەکانی بۆ چەند هۆکارێك گەڕاندەوە لەوانە: ترسی لەوەی کە زۆربوونی ئاهەنگەکانی کاریگەریی نێگەتیڤی هەبێت لەسەر ئاستی هونەریی و ببێتە هۆکارێك کە جەماوەر وەك جاران تامەزرۆی دەرکەوتنی و کارە هونەرییەکانی نەبێت، هەروەها هەست کردنی بە ماندووبوونی و پێویستیی بە حەسانەوە دوای یەك ساڵ کە پڕ بوو لە گەشت و گەڕان بە هۆی زۆری ئاهەنگەکان و پێویستی بە پێداچوونەوەی کارەکانی، هەروەها بە هۆی پابەند بوونی بە بەرنامەی (زە فۆیس) کە بڕیار وایە لە ماوەی داهاتوودا وەرزی نوێ دەستپێبکات.

هەر لەم بارەیەوە ساهر رایگەیاند: منیش وەك هەموو کەسێك پێویستم بەوەیە ژیانی ئاسایی خۆم بژیم و پشوویەك بە خۆم ببەخشم و دواتریش خۆم بۆ کار و بەرهەمی نوێ ئامادە دەکەم.



# ئەنجلینا
# بە فیلمێک باس لە کۆمەڵکوژی کەمبۆدیا دەکات

خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد ئەنجلینا جۆلی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ وڵاتی کەمبۆدیا هەیە و بە بەردەوامی سەردانی ئەو وڵاتە دەکات، تەنانەت دوایین فیلمیشی باس لە رووداوەکان ئەم وڵاتە دەکات لە ماوەی دەسەڵاتی خەمیرە سوورەکان لە کەمبۆدیا.

دوایین فیلمی ئەنجلینا بە ناوی (یەکەم جار باوکمیان کوشت)ە، ئەم فیلمە باس لە چیرۆکێکی راستەقینە دەکات کە لە سەروبەندی دەسەڵاتی رژێمی (خەمیرە سوورەکان) روویداوە و بریتییە لە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەك بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە ئامادەبوونی دەیان منداڵی ئەو وڵاتە، لە بارەی فیلمەکە ئەنجلینا دەڵێ: من دەرهێنانی ئەم فیلمەم کردووە کە تایبەتە بە خەڵکی کەمبۆدیا خۆیان و هیوادارم یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی بە ئازادی باس لە رووداوە خوێناوییەکانی ئەو سەردەمە بکەن کە بووە هۆی کوشتنی دوو ملیۆن کەس.

ئەنجلینان کە نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ کاروباری پەنابەران و بەم دواییە لە براد بێت جیابۆوە، یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠١ سەردانی کەمبۆدیا کرد بۆ وێنەگرتنی فیلمی (لارا کرۆفت-هێرش کردنە سەر گۆڕەکان) دوای ئەم فیلمە لە کەمبۆدیا یەکەم منداڵی تەبەننی کرد بە ناوی (مادۆکس)، لەم بارەوە ئەنجلینا دەڵێ: بەر لە شازدە ساڵ بۆ یەکەم جار سەردانی ئەو وڵاتەم کرد، گەلەکەیم خۆشویست و زانیاریم دەربارەی مێژووەکەی پەیدا کرد و ئەو کات بۆم دەرکەوتن کە زانیارییەکانم دەربارەی جیهان بە گشتی چەند سنووردارن، ئەم وڵاتە بۆ من وەك رابوونێك وایە، تا هەتایە خۆم بە قەرزاری دەزانم و پێموا نییە بتوانم ئەو قەرزە بدەمەوە.

چیرۆکی فیلمی ( یەکەم جار باوکمیان کوشت) لە کتێبێکی نووسەری ناسراوی کەمبۆدی لۆنگ ئۆنگ وەرگیراوە کە بە هەمان ناوە، ئۆنگ تەمەنی پێنج ساڵ بوو



کاتێك لەگەڵ خانەوادەکەی ناچار کران ماڵی خۆیان لە بنۆم بنەی پایتەختی کەمبۆدیا جێبهێڵن بە هۆی سیاسەتەکانی خەمیرە سوورەکانەوە کە لە ساڵانی ١٩٧٥ تاوەکو ١٩٧٩ دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان گرتە دەست لەژێر سەرکردایەتی پۆل پۆت و بە گوێرەی سەرچاوەکان وا مەزەندە دەکرێت لە کاتی دەسەڵاتی پۆل پۆتدا نزیکەی دوو ملیۆن کەس بوونە قوربانی کە دەکاتە ٢٥٪ی کۆی دانیشتووانی ئەو وڵاتە لەو کاتەدا.

یەکەم نمایشی ئەم فیلمە لە پەرستگای (ئەنگکۆر وات) بوو لە ناوچەی سیم ریب کە هەمان شوێنی وێنەگرتنی یەکەم فیلمی ئەنجلینایە لە کەمبۆدیا، نۆردۆم سیهانۆمی پاشای کەمبۆدیا و ئەنجلینا و شەش منداڵەکەی ئامادەی یەکەم نمایش بوون، بەم بۆنەوە ئەنجلینا وتی: بینیمان کە ئێمە چۆن وەك پێویست لەو جەنگە نەگەیشتووین کە بەر لە ٤٠ ساڵ روویدا و ئەو خەڵکە چییان بەسەر هات، هیوادارم ئەمە یارمەتی ئەو وڵاتە بدات بۆ ئەوەی زیاتر قسە بکەن، چونکە زۆر لە رزگاربووەکان ئەم چیرۆکانەیان بۆ منداڵەکانیان باس نەکردووە.

نمایش کردنی ئەم فیلمە یەکەم دەرکەوتنی ئەنجلینایە دوای جیابوونەوەی لەگەڵ براد بێت بە هۆی چەند گرفتێکەوە کە پێیوایە چارەسەریان نییە، سەبارەت بەم بابەتەش ئەنجلینا گوتی: ئەمە کارێکی زۆر سەختە، چونکە زۆر کەس خۆیان لەو بارودۆخەدا بینیوە، گشت ئەندامانی خانەوادەکەم ئەم بارودۆخە سەختەیان بینی، بەڵام من ئێستا تەنیا گرنگی بە پەروەردە کردنی منداڵەکانمان دەدەم کە بە لای منەوە لە هەموو شتێك گرنگترە، ئێمە خانەوادەیەکین و تا هەتایەش بەو شێوەیە دەمێنینەوە، من ئێستا لەو بارودۆخە راهاتووم و هەوڵ دەدەم شێوازێك بدۆزمەوە کە بۆم بسەلمێنێت ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەهێزتر بین.

لە لایەکی دیکەوە لە وتارێکیدا بۆ رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز سەبارەت بە بڕیاری سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە نەدانی ڤیزا بە هاووڵاتیانی چەند وڵاتێك بۆ سەردانی ئەمریکا،ئەنجلینا داوای کرد ئەمریکا ئەو بڕیارانە بدات کە پشت ئەستوورن بە واقیع نەك بڕیارێك لە ئەنجامی ترسەوە بدرێت، چونکە گەلی ئەمریکا لە هەموو سەرۆکێك گەورەترە، پێموایە من بڕوام بە وڵاتەکەم و ئەو بنەما و بەهایانەی لەسەری دامەزراوە و بە شانازییەوە پێوەی پابەند دەبین، جۆلی هەر لەو بوارەوە زیاتر وتی: پێموایە زۆر لەو شتانەی کە گوێمان لێی دەبێت یان هەستی پێدەکەین لە روانگەی هەست کردن بە ترس یان رق و کینە یان بەپێی نەژادەوە دەدرێت یاخود وەك کەسانی نا ئەمریکی هەژمار دەکرێن.

بە هەمان شێوە لە کاتی نمایشکردنی فیلمەکەش باسی ئازادی تاکەکانی کرد و وتی: ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە لەو کاتانەدا کەسانێك دەبینین لە سەرتاسەری جیهان باس لە ئازادی مەدەنی و ماف و ئەوەی هەستی پێدەکرێت دەکەن، لە ئەمریکا ئێستا گوێمان لێدەبێت خەڵکانێك بە ئاشکرا دەڵێن: ئەمە ئەمریکی نییە،سەبارەت بە خودی خۆمئەمە کارێکی نادەستووریە ئەمەش هەستی منە سەبارەت بەو جۆرە بڕیارانە.